# گەمە زمانییەکانی "کایە بە ئەلف و بێی گریان"



د. محەمەد ڕەحیمیان

---

ناسنامەی کتێب: «کایە بە ئەلف و بێی گریان»، یونس ڕەزایی، چاپەمەنی خانی، سەقز ١٣٩٧.




ISBN: 97860050977992

Website: www.kurdishbookhouse.com

Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse

تایبەت بە ماڵی کتێبی کوردی

www.kurdishbookhouse.com

## ❖ گەمە زمانییەکانی "کایە بە ئەلف و بێی گریان"

✓ د. محەمەد ڕەحیمیان

بە ڕووی مندا مەلوورێنن ... تکایە
من یۆنس-م ... خۆ یووسف نیم.

"هەر خوێنەرێک لە دەقە شیعرییەکاندا بە دوای هۆیەکی وەتەوشێنەردا دەگەڕێت کە بوەتە هۆی شکڤین و سەرسووڕمانی". ئەگەر هاتوو ئەم وتەیەی "پۆل والری"مان سەلماندبێت یان گرینگ‌تر لەوە، خوێنەرێکی وا بووبێتین کە ئەزموونێکی ئاوەهامان لە پێناو شیعردا بووبێت، ئەوەش دەسەلمێنین کە شیعر دیاردەیەکی هەژەندەیە و خاوەنی ئەو خەسڵەتە جەوهەرییەیە کە دەبێتە هۆی وەتەوشینەوەی خوێنەر. کە وەتەوشینەوە وەک بابەتێکی جەوهەری بدەین بە بنباخڵی شیعردا، خەیاڵمان کەڵکەڵەی دۆزینەوەی خاڵی پەیوەندی نێوان وەتەوشینەوە و ماکەکانی شیعری دەکات کە ئاخۆ ئەو ماکانە چۆناوچۆن دەلیزن کە ئاوەها سەرسامان دەکەن؟

کە دەڵێین ماکەکانی شیعری، ڕەنگە بە پێی مێژوو و نەریتی ڕەخنەی ئەدەبی، کۆمەڵێک خاڵ و بابەتی جۆراوجۆر و دەیان مەرج و بەند و بڕگەمان، لە بەر چاودا ریز بێت کە وەک بووتیقا، زەوقی شیعریمانی

www.kurdishbookhouse.com

پێ ئالوودە[1] بوە کە دیارە دیسان وەک نەریتێک، بە پێی ئەم یاسا و ڕێسا خووپێ کراوانە لە گەڵ بەرهەمی شیعری ڕووبەڕوو دەبینەوە.

کەچی ئەگەر بێتوو بە ڕەها بوون لە تەنگەژەی بەند و بڕکەکان، خۆمان ئەسپەردەی دەستی "زەمەن" کەین، لە دارەتێکی ڕەمزاویدا ئەو حەقیقەتەمان لێ خۆیا دەبێت کە: شیعر، هزری دۆزینەوەی گەمە لواوەکانی زمانە. واتە تێگەیشتن و توانستی گەمە کردن بە ماکە تاقانەکەی شیعر کە بریتیە لە "زمان".

زمان وەک تاقە ماکێکی شیعری کە لە گەمەکانیدا هزر و مانا، مۆسیقا، ئیماژ، خەیاڵ و چالاکییەکانی تری خۆی پێک دێنێ، لە زەمەنێکی ئەزەلی دا دەخولقێ و دەژی. مەبەست لە زەمەنی ئەزەلی ئەو زەمەنە بێسەرەتا و کۆتاییە یە کە هەر چەشنە ژمارەمەندی و بێچمبەندیەکی تەقویمی تێئەپەڕێنێت. واتە هەموو شەقڵەکان تێکدەشکێنێ و لە هیچ ڕۆژئەژمێرێکدا تۆمار ناکرێت. ئەو کاتە ئۆستوورەییە کە زمان تێیدا بە بێ هێچ پێشمەرجێک دەکەوێتە کایەوە. لەم بارودۆخە سێحراویەدا، زمان ڕێسایەکی نوێ لە بەستێن ڕست و ڕێسا گشتییەکانی خۆی ئەخاتە روو و بە یاری کردن بەم ڕێسایانەوە، جیهان و هزر و عاتیفە و تێڕوانینێکی تازە دەخاتە گەڕ. پێکهاتەیەک کە بە پێچەوانەی کارکردی ڕۆژانە و سواوی زمان، بە هەر جار خوێندنەوەیەک لە سەرڕا ئەخولقێت و ئەبووژێتەوە، واتە شیعر لە سەردەمێکی ئەزەلیدا سەرهەڵ ئەدات و بێجگە لەو ڕێسایانە کە بە شێوەیەکی خولقێنەرانە لە گەمە زمانییەکەیدا یاری پێدەکات،

---

[1] -ئاڵوودە بووون بە کوردی واتا خوو پێ کردن، ڕاهاتن

دەروەستی هیچ بووتیقا و پێشمەرجێک نییە؛ بەڵکوو پەیتا پەیتا بووتیقای خۆی دادەڕێژێت و ئاراستەی دەکات. بووتیقایەک کە نە یاساییە و نە ئاسایی[2].

گەر هاتوو سەلماندمان کە شیعر لە زەمەنێکی ئەزەلیدا و لە بەستێن گەمەیەکی زمانیدا ئەخولقێ، لە کاتی خوێندنەوەیشیدا پێویستە لە زەمەنێکی ئەزەلیدا بخوێندرێتەوە یان با بە گوتارێکی "ڕۆڵانبارت"یەوە بڵێین لە سەرڕا بنووسرێتەوە. واتە بە هیچ پێشمەرجێک و بە بێ هیچ قەرار و بڕیارێک لە گەڵ بابەتەکە ڕووبەڕوو بینەوە تا دەقە شیعریەکە و گەمە زمانییەکانی وەک دیاردەیەک خۆی لێمان بنوێنێ. دیاردەیەک کە تەنیا بە ئێپۆخە[3] کردن و هەڵپەساردنی هەر چەشنە ئاگایی و پێشمەرج و یاسایەک، خۆی وەکوو خۆی ئەنوێنێت. لە بارودۆخێکی ئاوەهادایە کە خوێنەر لە گەڵ هزر و خەیاڵ و وێنە یان بە واتایەکی تر لە گەڵ جیهان و گەمەیەکی تازەی زمانیدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. تازەگەریەک کە شکفین و وەتەوشینەوەیەکی جوانیناسانە[4]ی لێ ئەکەوێتەوە. لە شکفینێکی جوانیناسانەدا، "هزر" و "خەیاڵ" وەک دوو چەمکی بە ڕواڵەت دژواز، دوو بە دوو ئەچنە ناو بازنەیەکی تازەوە و لە یاریەکی

www.kurdishbookhouse.com

---

[2] - من شاعیرێکی نائاساییم ... بمبوورە. (بڕوانە: ڕەزایی، یونس، کایە بە ئەلف و بێی گریان، سەقز: خانی، ١٣٩٧. ل: ٤٧)

[3] - Epoche دەستە واژەیەکی "دیاردەناسی هووسێرل"یە بۆ هەڵپەساردنی هەر چەشنە وریایی و ئاگاداریە (consciousness) ک لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ دیاردەکاندا.

4 - Aesthetic astonishment

ئەفسووناویدا مانایەکی چێژمەند دەئافرێنن. ئافراندنێک کە ئاکامی گەمەیەکی نوێیە کە لە بەستێنی زماندا ڕوو ئەدات و دەبێتە هۆی سەرسامی خوێنەر.

ئێستا ئەگەر بڕوانن ئەم گوزارە زمانیە کە دەڵێت: «بڵاوگەی خانی شەش کۆمەڵە شیعری لە یوونس ڕەزایی بڵاو کردوەتەوە و زمان و هزرێکی جوانی‌ناسانەی تازەی هێناوەتە کتێبخانەی کوردی و گوتارێکی نوێی لە گۆڕەپانی شیعری کوردیدا سازداوە»، کەستان پێ ناشگڤێ و سەری سوور نامێنێ بەڵام وەکوو گوزارەیەک وەری دەگرن و ڕەنگە هەڵوێستی ئەرێنی و نەرینی خۆشتان هەبێتن. بەڵام ئەم ڕستانە کە خوێندتانەوە ڕستەگەلێکی خوو پێکردووی باون کە بە پێی زمانی پێوەر دارِشتراون و خوێنەر وەکوو ڕاگەیەندراوێک وەری دەگرێت کە ڕەنگە گەلێک مشت و مڕیشی لێ بکەوێتەوە. ئەمە یەکێک لە کارکردە تێکڕایی و ئاساییەکانی زمانە بە گەمە و قاعیدەی تایبەتی خۆیەوە.

زمان زەرفییەت و لواویەکە کە لە بارودۆخی جۆراوجۆردا بە پێی هەلومەرجی هەڵڕەخساو بە گەمەی جۆراوجۆر دەلیزێ. «پەنجەکانی ئاور بە پەنجەرەی سبەینێم دەبەخشم / لە جۆغرافیای دۆزەخدا». ئەمەش گەمەیەکی دیکەیە لە گەمە لواوەکانی زمان کە بە گوتارێکی جیاوازەوە دەئاخەوێ. لە پێناو ئەم گەمەیەدا خوێنەر وەک گەمەی پێشوو هەڵوێستی پێ ناگیرێ و مەجالی ئەوەی نییە کە سەبارەت بە ڕاستی و ناڕاستی گوزارەکە و یەکانگیری و نایەکانگیری لە گەڵ جیهانی واقیع دادوەری بکاتن.



www.kurdishbookhouse.com

ویتگنشتاین وەکوو فەیلەسووفی زمان، دەستەواژەکانی «گەمەی زمانی[5]» و «بیچمی ژیان[6]»ی بۆ بێچمبەندی، مەعریفە و کارکردی زمانی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا داناوە. وشەی "گەمە" لەم دەستەواژەیەدا هەڵگری دوو چەمکی "ڕێسامەندی" و "مەبەست-مەندی"ە واتە هەر گەمەیەک بە پێی ڕێسا و قاعیدەیەکی تایبەتی و جیاوازی خۆی دەرەخسێ. لە بنەڕەتدا هەر گەمەیەک بە پێی یاساکانی دیاری دەکرێت و تەوفیر ئەنوێنێ. دیارە هەر گەمەیەکیش مەبەستێک بە دی دەکات و گەمەی بێمەبەست بابەتێکی نەگونجاوە. بە بڕوای ویتگنشتاین گەمە زمانیەکانن کە شێواز و پەیڤ و هەڵس و کەوتەکان و بیر و ڕاکانی مرۆڤ لە ژیاندا دیاری و بێچمبەندی دەکەن.

با بە شێوەیەکی بەرهەستی و کۆنکرێتی بەشێک لە گەمە زمانییەکانی «کایە بە ئەلف و بێی گریان»، بخەینە بەر تیشکی ڕەخنە و بزانین چۆن بە یاری کردن بە لاوازییەکانی زمانی، بووتیقا و قاعیدەی خۆی پێک دێنێ و مەمبەست ئەپێکێ.

### ١) وانەی سیزێف ..لە سنوورەکانی ڕۆژئاوا/ لە سنووری بادا

شیعرەکە بە یەکەیەکی زمانیەوە دەس پێدەکات کە بە شێوازێکی بەلاغی داڕێژراوە و لە گەڵ ئیماژێکی شێعری ڕووبەڕوومان دەکاتەوە: (پەنجەکانی ئاور بە پەنجەرەی سبەینێم دەبەخشم / لە جۆغرافیای دۆزەخدا). ئەگەر بێتوو بە پێی ڕێزمانی پێوەر ئەم یەکە زمانییە

[5] - Language game
[6] - Form of life



www.kurdishbookhouse.com

داڕێژینەوە، یەکەیەکی ئاوەهای لێ دەکەوێتەوە: (لە جوگرافیای دۆزەخدا، پەنجەکانی ئاور بە پەنجەرەی سبەینێم دەبەخشم). ئەگەرچی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی بەلاغی، لادان لە ڕێزمانی پێوەرە بەڵام دیارە کە بە داڕشتنەوەی دووبارەی ئەم یەکە زمانییە بە پێی داڕشتی زمانی پێوەر، هێشتا جەوهەری شێعری داڕشتەکە پاوەجێیە. کە وایە لەم یەکەیەدا سەرەڕای تێکدانی ڕێزمان، یەکینە ئیستعاریەکانی "پەنجەکانی ئاور"، "پەنجەرەی سبەینێ" و "جوگرافیای دۆزەخ"، وێنە و فەزایەکی زمانی نوێ و بە گشتی زمانێکی بەلاغی پێکهێناوە. ئەم دوو تایبەتمەندییە واتە لادان لە ڕێزمانی پێوەر و چێکردنی یەکینە لێکدراوە خوازەییەکان، خۆی پێوەرێکە بۆ زمانی شیعری و بەلاغی و ڕێسایەکە لە ڕێساکانی گەمەی زمانی شیعری. بە پێی ئەو پێوەندییە کە ویتگنشتاین گەمەزمانییەکان بە چەشن و چالاکییەکانی مرۆڤ دەبەستێتەوە و بە دەستە واژەی "بیچمەکانی ژیان" شیکاری دەکات، دیارە هەر شیعرێک لە یانەیەک بە نێو یانەی زمانی بەلاغی یاری ئەکات؛ بەڵام لەم یانەیەدا بە شێوازێکی داهێنەرانەوە گەمە و کایەی تایبەتی و دانستەی خۆی دەخاتە گەڕ.

شیعری "وانەی سیزێف ..."، وەک یەکەمین شیعری کۆمەڵە شیعری "کایە بە ئەلف و بێی گریان"، بە گەمەیەکی زمانی داهێنەرانەوە، شێوەیەک لە شێوە شڵەژاوەکانی ژیانی مرۆڤ دەگێڕێتەو. ئەم شێوە ژیانە شڵەژاوە و ئەو گەمە زمانییە تایبەتە، بە چەشنێکی دوو ئاڵی و هاوتەریب لە گەڵ یەک دەخولقن و لە ڕووی بوونناسییەوە، هیچیان

www.kurdishbookhouse.com

پێشمەرجی ئەوی تر نیین. واتە لە گەمەیەکی زمانیدا بە قاعیدەیەکی تایبەتەوە ژیانێک لە بەستێنی گێڕانەوەدا دەخولقێ.

ئەم گەمە زمانییە ڕێزمانێکی نوێ و تایبەت بە خۆی پێک دێنێ و بە پێی ئەو ڕێزمانە خۆی ئەگێڕێتەوە کە بریتین لە:

### ێ) گەمە بە ڕێزمانی غیابەوە

غیاب یان نەبوون و بۆشایی لەم ڕێزمانەدا وەکوو چەمکێکی ئینزمامی دەبێتە خەسڵەتێکی زمانی و وتنەوەی بابەتی مەبەست. لەم گەمەیەدا وشەکان بە هەر دەورێکی سینتاکسییەوە کە لە ڕستەکاندا دامەزرێن، بە شیوەیەکی پارادۆکسیکاڵ حزووری خۆیان بە نەبوونیانەوە دەرئەبڕن. واتە ڕێزمانی ڕستەکان بە شێوەیەک دادەڕێژرێ کە بوون و حزووری وشەکان تەنانەت لە بۆشاییشدا ئەبێتە پێویستە و زەروورەتێک، بۆ گێڕانەوەی بابەتی مەبەست. کایە بە دانان و سڕینەوەی وشەکان بە شێوەهای جۆراوجۆر دەلیزێت: یان بە شێوەی دانانی بێژەیەک و سڕینەوەی هاوتاکەی لە شوێنێکی ڕێزمانی دیاریکراودا، وەک دانانی کرداری "دەبەخشم" لە ڕستەی یەکەمی کۆپلەی یەکەم و سڕینەوەی لە ڕستەکانی تردا: پەنجەکانی ئاور بە پەنجەرەی سبەینێم دەبەخشم / لە جۆغرافیای دۆزەخدا/ مەترسیش بە قاناوەکانی شاردا [دەبەخشم]/ بە سەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا بە ... هەتاو [دەبەخشم] / سەربردەی ئەسپەکانی من دەبێ

... بە حیلەیەکی مەستەوە[7]. یان بە دانانی سێ خاڵ کە لە دێڕەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆپلەی یەکەمدا ڕەچاو دەکرێت.

دەرفەتسازیی و درووست کردنی چۆڵاییەکی تەژی بۆ بەشداری وشە نادیارەکان لەم یارییە زمانییەدا، شێوەیەکی کارامەیە کە داهێنانەتر و فەننیتر لە دوو شێوەی پێشوو لە داڕشتی دێرەکاندا بە کار هاتوە. ئەوەش بڕینەوەی لە ناکاوی ڕستە و نیمەبڕ کردنی وێنە و گوزارەکانە: "بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا بە ... هەتاو". دانانی وشەی «نا»، هەڵنگووتنێک لە ڕەوتی ئاسایی دێڕەکاندا درووس دەکات و بۆشاییەک دێنێتە گۆڕێ کە دەکرێ بە چەندین ڕستەی جۆراوجۆر و هاوواتا یان دژواز پڕکرێتەوە: بە سەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا ... هەتاو. [بە سەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا بەڵکوو بە سەرهاتی ئاسۆیەکی خەمۆک، شەکەت، هیلاک، مردوو، شەهید، بەلەز، ئاوارە، بزر، تفت یان ... ] دەبینین کە لەم پێکهاتە نێمەچڵەدا، ڕکبەڕکە و ململانەیەک لە نێوان وشەکاندا بۆ بەشداری لە یارییەکەدا دەرەخسێ و مەجالی حزوور و خۆتاقیکردنەوە بۆ دەیان وشەی گونجاو درووس دەبێت.

لە داڕشتی دێڕی "بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا بە ... هەتاو"، غیابێکی تریش چێندراوە کە ڕستەهایەکی نادیار لە ژێرخانیدا پەنگی خواردووەتەوە: [بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا بەسەرهاتی هەتاوێکی ماندوو./ بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو بە هەتاو دەبەخشم/ بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا بەسەرهاتی هەتاو/

7_ بڕوانە ڕەزایی، یوونس، (١٣٩٧)، کایە بە ئەلف و بێی گریان، سەقز، خانی، ل: ٧

www.kurdishbookhouse.com

بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا بە سێ خاڵی هەتاو/ بە سەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا-بەخشم بە هەتاو] وە هەر وەها داڕشتهایەکی دیکە کە لەم سێ خاڵە دەکەوێتەوە. با وا بیری لێ نەکەینەوە کە ئەم ڕستەسازیانە زەین‌خوێنی شاعیرە یان کەشف و شهوودێک لە گۆڕێدایە بەڵکوو ئەمە داڕشتی خودی ڕستەکانە کە دەرفەتی بۆ ئەم گەمە زمانییە تابین کردوە کە هەر خوێنەرێک بە پێی زەوق و زەمینەی خۆی ڕستەکان بئافرێنێ. بێگومان داڕشتێک لە چەشنی ئەم شێوە زمانییە، بابەتێکە کە پێوەندی بە شێوازی شیعریەوە هەیە و ئاکامی گەمەیەکی ڕێزمانییە. ڕێزمانێک کە لە کاتی ئافراندنی شیعرەکەدا بە پێی لواوی و یاسای زمانی پێک دێت.

دێڕی چوارەم لە کۆپلەی یەکەم: "سەربردەی ئەسپەکانی من دەبێ … بە حیلەیەکی مەستەوە". ساتمەی پاش "دەبێ"، لە سەر ئەم وشەیە ڕامان دەگرێت. یەکەم: (سەربردەی ئەسپەکانی من دەبێ [ببێت] بە … )/ دووهەم: موبتەدایەکی بۆ دانێین: (x دەبێ بە سەربردەی ئەسبەکانی من). جێی سەرنجە کە "بە حیلەیەکی مەستەوە"، لە ڕێزمانی ئەم دێڕەدا وەک ئاوەڵکردارێک بۆ کردارێکی نادیار دانراوە. لەم کۆپلەیەدا بە هۆی داڕشتی بێ‌بەربەست و ڕەهای ڕستەکان، بۆمان ئەلوێ ڕستە و ئیماژگەلێکی تازە دابڕێژین. بۆ نموونە وەک: «سەربردەی ئەسپەکانی من دەبێ بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو بە حیلەیەکی مەستەوە». بەم چەشنە کۆمەڵێک ڕستە و وێنە و واتای نادیار لە چۆڵایی ناو ڕستەکانەوە دەرئەکەون و دەمانبەنە بەستێنێکی زمانی چڕ و پڕ کە بە تەکسیر و تەزاحومی وێنەکان و لەت لەت

www.kurdishbookhouse.com

بوونیان، هەر چەشنە دامەزران و کۆکاری لە سەر مانا یان وێنەیەکی بەسەنتەرکراو وە دوا دەخەن.

ئەکرێت بە پێی خوێندنەوەی بنەماشکێنانە[8]ی "ژاک دریدا" - کە دژوازی و شێوە پێوەندی دژمەندانەی نێوان دووانە پێکدژەکان[9] لە دەقدا هەڵئەوەشێنێتەوە- هەڵوەشانەوە و تێکچوونی شێوەی پێوەندی خووپێ‌کراوی دوو چەمکی پێکدژی حزوور و غیاب لەم دەقە شیعریەدا بە ڕەوشتێکی بنەماشکێنانە لە قەڵەم دەین. شێوەی دانووستانی ئەم دوو چەمکە بەڕواڵەت پێکدژە، لەم گەمە زمانییەدا بە شێوەیەکە کە حزووری وشە یان ڕستەیەک، غیابی چەندین ڕستە و مانا ئەنوێنێت. لە لایە تریشەوە، غیابی کردار یان هەر وشەیەک، بە هەر دەورێکی ڕێزمانییەوە، داکۆکی لە سەر حزووری کردار یان بابەتهایەکی تر دەکاتەوە. بەم شێوە، دانووستانی چەمکە پێکدژەکان لە نەفی و ڕەت‌کردنەوەی یەکدی ئەگۆڕدرێت بە ئاکاری دانپێ‌دانان و دەرخستنی ئەوی تر. میکانیزمی ئەم ئالوگۆڕە لە گەمەی زمانی شیعرەکە بە جۆرێک دەچێتە پێش کە بنەماشکێنی لە چەمکێکی فەلسەفییەوە دەکاتە خەسڵەتێکی بەلاغی.

غیاب وەک بەشێک لە ڕێزمانی شیعری لە دێڕ و کۆپلەکانی تریشدا دووپات دەبێتەوە و دەبێتە شێوازێکی تایبەت بۆ بەرفراوانی و فرەچەشنی بوونی ئیماژ و ماناکان:

بمپێکن با داهاتووی باڵندەکانم لە کتێبی سووردا ...

[8]- Deconstructionist
[9] - Binary opposition



www.kurdishbookhouse.com

بەرگی یەکمی برسێتی.

لاپەڕەی کۆتایی هەموو سبەینێکانی/ پڕ لە هەواڵی گەرمی بازاڕی بوورس/ ئەو کاتانەی ... من بە دوای ئادرەسی هیچ دا ... هەڵوەدا/ ڕێگای گوللەکانیش هەتڵە نابێ لە من.

بارم هەموو مەترسی ماسیلەکانە/ پیشەم دەریایەکی تینوو/ کە بەستێنەکانی لە ڕۆژێکی ناوادەدا ... تەعتیلن ... لە با. کەشتییەکانی خەفەتباری دزانی دەریا ... / بە چاویلکەی ڕەشەوە بۆ دونیا.

بەرەو شەپۆلەکانم بڵێسەکانتان نا ... کە ساردە/ لە لوولەی تفەنگێکەوە ... لورەیەکی نامیهرەبان .../ هەمیشە ڕێگاکانم بەرەو قاقڕ هەتڵە دەکەن./ هەمیشە بەرەو شارەکانم ... باڵندە دەزانێ/ بەرەو دارەکان نا ... بە واتایەکی تاڵەوە ... لە تێپەڕینی کات.

بە سنوورەکانەوە لە جۆلانەیەک ونم/ لە فیلمێکی کارتۆن کە منداڵیمی داگیر کرد/ لە جانتایەکی سامسۆنیت ... پڕ لە بیرەوەری ڕێبوارانی غەریب/ وچانێکیش لە سای شەودا ... کە درێژەی ڕابردوومە/ بۆ گوللەکان ... تا لە مندا بحەسێنەوە شەوانە ...(ل: ٨)

بەو پێیەی کە زمان لە گەمەکانی خۆیدا یاسای تایبەتی خۆی پێک دێنێ و هەر یاسایەکی ڕێزمانی تازەپێکهاتوو بە ڕێژەی ئەو گەمە تایبەتە کە کەوتوەتە گەڕ، هەڵئەسەنگێندرێ، غیاب یان سڕینەوی وشەکان لە کۆمەڵە شیعری "کایە بە ئەلف و بێی گریان' دا کە بە ئاراستەی جۆراوجۆرەوە ڕوو ئەدات، دەبێت بە شێوازێکی تایبەتی شیعری و لایەنێکی جوانیناسانەش بە خۆوە دەگرێت. ئەو ساتمەدان

و بڕگەبڕگە بوونەی دێڕەکان، وەک لاڵەپەتەیەکی جوانیناسانە، دەبێتە ئامرازێکی مۆسیقایی و ڕیتم و ڕاوێژێکی تایبەتی لە بەستێنی زماندا چێ دەکات و وەک نۆتی بێدەنگی لە کێش و ڕیتمی شیعرەکەدا شوێن و کارکردی خۆی پیشان ئەدات. بەم پێیە لێمان دەرئەکەوێت کە ئەگەر بێتوو لواویە هێزەکی و نهێنییەکانی زمان لە گەمە تایبەتەکانیدا بدۆزینەوە، ئاسۆی داهێنان و ئیمکانی جوانیناسانەی نوێمان بۆ ئەلوێت. هەر بە پێی ئەم واقێعە ئەکرێت ئەم حوکمە بدەین کە توانستی ڕاستەقینەی هەر شاعیرێک لە دۆزینەوە و شهودی گەمەی زمانی تایبەت بە خۆیەتی. ئەو گەمەیە کە هەم شێوازی تایبەتی هەر شاعیرێک پێناسە دەکات و هەم خوێنەریشی پێ سەرسام ئەکات. خوێنەر لە کاتی خوێندنی بابەتەکە، خۆی لە جەغزی گەمەیەکی نوێی زمانیدا دەبینێتەوە و ڕیتم و ڕەوەندی یاریەکە دەیشگڤینێ.

دیارە دەبیت ئەم ڕاستییەش بسەلمێنین کە گەمە زمانییەکان پێکهاتەیەکی لەپێشئامادە و پۆلینبەندی کراو نیین کە شاعیر یان نووسەر پەی پێ ببات یان لە حالّی خۆیدا بە لەونێکی شهوودیەوە بیقۆزێتەوە؛ بەڵکوو شاعیر بە هۆی زاڵێتی بە سەر زمان و بەهرەمەندی لە زەوقێکی زمانی جوانیناسانە، لە کاتی داڕشتن و داهێناندا گەمە و ڕێزمانێکی تایبەت و ناوازە پێک دێنێ: « لاپەڕەی کۆتایی هەموو سبەینێکانی / پڕ لە هەواڵی گەرمی بازاڕی بوورس [ن] / ئەو کاتانەی ... من بە دوای ئادرەسی هیچ دا ... هەڵوەدا[م] / ... / بە سنوورەکانەوە لە جۆلانەیەک ونم / لە فیلمێکی کارتۆن کە منداڵیمی داگیر کرد [ونم]/ لە جانتایەکی سامسۆنیت ... پڕ لە



www.kurdishbookhouse.com

بیرەوەری ڕێبوارانی غەریب [ونم] ... ». لە زۆربەی دێڕەکان دا، کرداری ڕستەکان کە بە شێوەی کردار یان ناسە هاتوون سڕدراونەتەوە و وەک ماکی جوانیناسانە و کورتبێژیەکی بەلاغی، زمانی ئەدەبی گەمە زمانیەکەیان بتەوتر و بەهێزتر کردوە.

غیاب و سڕینەوەی کردار، ناسە یان ناو و ئاوەڵناوەکان لەم گەمە زمانییەدا سەرەڕای ئەوەی کە ئەبێت بە قاعیدەیەک و زمان گەمەکەی خۆی بە پێی ئەو قاعیدە دادەمەزرێنێت، ئاسۆیەکە بەرین بۆ دەرکەوتن و درۆشمی چەندین وشەی نادیار و مانای شاراوە ئەنەخشێنێ.

## ب) چالاک کردنەوەی پیت و وتەکان

وە گەڕ خستن و چالاک کردنەوەی پیت و وتەکان یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی گەمەی زمانی لە "کایە بە ئەلف و بێی گریان"دا. با سەرنج بدەینە کارامەیی وتەی "بە" لە کۆپلەی یەکمدا: «پەنجەکانی ئاور ”بە” پەنجەرەی سبەینێم دەبەخشم/ لە جۆغرافیای دۆزەخدا/ مەترسیش ”بە” قاناوەکانی شاردا/ بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو نا ”بە”... هەتاو/ سەربردەی ئەسپەکانی من دەبێ ... "بە"حیلەیەکی مەستەوە». بە پێی ئەو دەورە ڕێزمانی و مانایە کە وتەی "بە' لە دێڕەکانی یەک و سێ و پێنج دا دەیگێڕێ، لە دێڕی چوارەمیشدا پیتی "بە" بۆ وەرگرتنی دەیان وشەی ژێهاتی و بەجێ تەیار و تابین کراوە. تەنانەت ئەکرێت دەورێکی ڕێزمانی وەک پێشگری "بە" لە وشەی بەسەرهات بگێڕێت و بۆ پڕکردنەوەی ئەو چۆڵگەیە کەلیمەی شیاو ساز بکات. هەر وەها چالاکی وتەی "نا" لە ئەم دێڕانەدا: «بەسەرهاتی

www.kurdishbookhouse.com

ئاسۆیەکی ماندوو ″نا″ بە ... هەتاو »/ «بەرەو شەپۆلەکانم بڵێسەکانتان "نا" ... کە ساردە»/ «بەرەو دارەکان "نا" بە واتایەکی تاڵەوە ... لە تێپەڕینی کات»/ «بە باخێکی قورسەوە کە لە سەر شانم نا»( "نا" بە دوو واتاوە کە واتایەکی وەک نای نەفی، واتایەکیش کە لە کارکردی هاوتاکانی پێشووی خۆی وەریدەگرێت)./ «لاڕێ ئەگەر "نا" .... بە سنوورەکاندا ... چۆڕە چۆڕ ... / سوور ناکاتەوە مەترسیم».

لە داڕشتی ئەو ڕستە دیاریکراوانەدا دەورێکی دووئاڵی ئەرێنی(ئیجابی) و نەرێنی(سەلبی) بە وتەی "نا" دراوە. دێڕەکان کە بە شێوەی ئەرێنی خەریکن ئیماژێک ساز ئەکەن، کوتوپڕ بە پیتی "نا" دادڕمێن و جێگا بۆ ساز بوونی وێنەیەکی دیکە خۆش دەبێت: «بە سەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو "نا" ...»، (ئیماژی "بەسەرهاتی ئاسۆیەکی ماندوو" دەڕووخێت و مەجالێک بۆ سەرهەڵدانی وێنەهایەکی دیکە و هەر وەها وەگەڕ کەوتنی خەیاڵی خوێنەر یان بەستێنێک لە ناخی خودی شیعرەکە ئامادە دەبیت تا وێنە بە سەر وێنەدا بکەوێت و گەمەکە بێبڕانەوە بەردەوام بێت.

### پ)سیمای ئۆستوورەیی ڕەنج

شیعری سیزێف لە گەمەیەکی زمانیدا بە شێوەیەکی قاعیدەمەند، فۆرمێک پێک دێنێ کە ڕیتم و مێلۆدی تایبەتی خۆی هەیە. ملۆدیەک کە بە ڕیتمی غیاب، نۆتی سێ خاڵەکان، سەییالییەتی ڕێزمان، دەلالەتی چەندلایەنەی وشەکان و داڕشتی چەنجەمسەری ڕستەکان ساز دەبێت. بەم شێوە کۆپلە مۆسیقایەکی زمانی چێ دەبێت کە بە داڕشتی وێنەکان و نەخشاندنی ئیماژەکان، لە کەشێکی عاتفیدا



www.kurdishbookhouse.com

سەربردەیەکی پچڕ پچڕ و زامدار ئەگێڕیتەوە. سەربردەیەک کە وەک دیاردەیەک لە خوێنەر دەرئەکەوێت و جیهانێکی نوێ بە تایبەتمەندیی‌های خۆیەوە لە بەرانبەر خوێنەردا بەل دەکاتەوە.

"وانەی سیزێف... "بە ئاماژە دان بەم نێوە ئۆستوورەییە، ئۆدیسەی ڕەنجخەسارییەکی مێژوویی بە گەمەییێکی زمانی داهێنەرانە و بە شێوەیەک ئەگێڕێتەوە کە چەمکی ڕەنجەڕۆیی تا ڕادەی دیاردەیەکی ئۆستوورەیی هەڵئەکشێت. لە پاش ئەم شیعرە، ئێمە لە گەڵ دیاردەیەک بە نێو ڕەنجەرۆیی بەئۆستوورەکراودا رووبەرووین. کە دەڵێین دیاردەیەکی ئۆستوورەیی، مەبەستمان زێدەڕۆیی و بە هووفە گێڕانەوەی بابەتەکە نییە بەڵکوو مەبەست کارکردی نیشانە-ناسانە و ئاماژەدان بە بابەتێکی ئۆستوورەییە. وشەی "سیزێف" وەک نیشانەیەکی زمانی لە سەردێڕی شیعرەکەدا و لە دێڕێکیشدا (تۆش شاخێک بە شانەوە ... سیزیەفێکی ناوادە) لە دەقی شیعرەکەدا هاتوە؛ بەڵام نیشانەگەلێک وەکوو "جۆگرافیای دۆزوخ"، "سەربردەی ئەسبەکان"، "باری مەترسی ماسیلەکان"، "ڕێگاکانی بەرەو قاقڕ"، "جانتایەکی پڕ لە ڕێبوارانی غەریب " ،"باری خۆم ... هەتا لووتکە"، "شاخێک بە شانەوە"، و چەندین ڕاژەی ئیستعاری تر و هەر وەها دارِشتنی ئیماژهایەکی بەجمشت کە ڕاژەیەکن لە رۆیشتن و بێ-ئۆقرەیی، لە چەمکی ڕەنج پێکهاتەیەکی زمانی بە سیمایەکی ئۆستورەیی ئەخولقێنێ.

لە باری فۆڕمەوە گەمەی زمانی بە ڕێزمان و نیشانە نقیسارییەکان و تێکرِای قاعیدەکانی، ئەم ڕەنجخەسارییە پیشان ئەدەن. زۆربەی ڕستەکان و هەر وەها وێنەکان، هەر وەکوو هەوڵەکانی سیزێف

ناتەواون. جاری وایە وێنە، جاری وایە وشە یان مانا لە کۆتایی دێڕەکانەوە ئەخلیسکێنەوە سەر ڕستەکان و پێش بە پێکهاتنی ڕەوایەتێکی تەکووزمەند و پێکانی ئامانج دەگرن. هەر کۆپلەیەک وێنەیەکی نیمە و نیمەچڵ بەجێی دێڵێت و ئەچێتە سەر کۆپلەیەکی تر و لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە، لایەنێکی تری خۆی ئەگێڕێتەوە:

من باری خۆم ... لە شیعرمدا ... هەتا لووتکە/ تۆش شاخێک بە شانەوە ... سیزیەفێکی ناوادە/ من ئاوایی دێڕەکانی خۆم ... / کە پڕە لە بێدەنگی بەندیخانە/ تۆ شاری خۆت ... کە لێوڕێژ لە ئاژاوەی پۆلیسە تەنیاکانە(ل: ٩).

ڕستەکان و کۆپلەکان پەیتا پەیتا ڕێگا ئەگۆڕن و لە سەرڕا خۆیان بە شێوازێکی تر ئەگێڕنەوە بەڵام لە لووتکەوە وێنە و ئیماژ و بیرۆکەکە بە جێ دێڵن و دەچنەوە سەرەتا: ڕێگا نەگۆڕم ئەگەر لە وشە/ لاڕێ ئەگەر نا ... بە سنوورەکاندا ... چۆڕچۆڕ ... سوور ناکاتەوە مەترسیم (ل: ١٠).

بوون و نەبوون، مەترسی و دلەڕاوکێی گێڕانەوە و سەرکەوتن لە وتنەوەی بابەتی مەبەست، گومان لە پێکان یان نەپێکانی ئامانج، لە هەموو دێڕ و کۆپلە شیعریەکاندا ڕەنگ ئەداتەوە و لە ئاکامدا (ئەگەر بکرێت ئاکامێک دیاری کەین)، چەمکی ڕەنجەڕۆیی وەک دیاردەیەکی ناسەقامگیر و تەهسۆک و خلیسک خۆی ئەنوێنێ.

www.kurdishbookhouse.com

لاڕستەی خۆنواندنەوە لەم بۆچوونەدا ڕاست بە واتای وەنواندنەوە[10] هاتوە؛ بەڵام بە مەرجێک کە دیاردەکە وەک بابەتێکی سەربەخۆ و خودئیرجاع لە بەرچاو بگرین کە گوزارشت لە خۆی ئەکات. واتە چەمکی ڕەنجبەخەساری لە گەمەیەکی زمانیدا خۆی ئەگێڕێتەوە و دەلالەت بە بابەتێک لە دەرەوەی خۆی ناکات. لێرەدایە کە دوو شێوەڕەوایی وەنواندنەوە و دەربڕین[11] تیکەڵ دەبن و شێوەیکی نوێ دەخەنە ڕوو. چەمکێکی عاتفی و ڕەنجێکی هەناووی لە قەوارەیەکی زمانیدا دەخولقێ و لە قەبارەی چەمکەوە بەرەو ڕستە و ئیماژەکان پەرەدەگرێت. ڕەنجێک لە بیچمێکی پاژەکی[12]یەوە بەرەو سیمایەکی ئۆستوورەیی و گشتی[13]باڵا دەکات.

کارکردی میتۆلۆژیکی زمان و ئیماژە ئوستوورەییەکان تا ڕادەیەکە کە ڕۆح و حەزێکی جوانیناسانە بخاتە پەیکەری شیعرەکەوە. بەڵام لەو خەسڵەتە ئۆستوورەییە کە ڕەنج ەوک ئایدۆسێکی ئەفلاتوونی لە بەردەس و پەردەژ بوون لابات و بیکات بە چەمکێکی دەرهەستی، دائەتەکێ و چەمکی ڕەنج وەک بابەتێکی ژیاو و بەرهەستی و شێوەیەک لە شێوەکانی ژیان ئەگێڕێتەوە. ڕەنج لە تۆیەکی جوانی-ناسانە و بە چێژێکی بەلاغیەوە دەبێتە بابەتێک لە بابەتە مەعریفیەکان.

10 - Rpresentation
11 - Expression
12 - Particular
13 - General

دەنگی نێو شیعرەکە بە دامەزراندنی دیاردەیەکی زمانی و بە جێگیر کردنی ئاگایی، و تێگەیشتن لە دڵەڕاوکێکانی خۆی لە بەستێنێکی زمانی شاعیرانەدا و دەربڕینی هەبوونێکی پڕش و پەرۆش، پەردە لە حەقیقەتی خۆی لائەدا و هایدێگێر وتەنی لە پێگەی دازایندا ڕادەوەستێ. دازاین نەفەسێکی لە خۆئاگایە کە ئاگاداری تووڕدراوەیی خۆی لە جیهانە. جیهانێک بە کەم و کووڕی و لواویەکانی کە ڕووبەڕووی خۆف و خەفەت و دڵەخورپەی مەرگی دەکاتەوە. ئەگەر دازاین بە درۆشم و دەرکەوتنی حەقیقەتی مرۆڤ و تەنانەت جیهانیش لە قەڵەم دەین، ئەوە زمانە کە ئەم حەقیقەتە پێک دێنێ و ئەینوێنێ.

شیعری "وانەی سیزێف ..."، بە بەزمانی کردنی ڕەنج لەو گەمە زمانییە و دامەزراندنی ئەو کەشە ئیستعاری و ئۆستوورەییە، ڕەنج وەک بەشێک لە شوناسی "بوون" ئەسڕووشێنێت و ئاشکرای دەکات.

سەردێڕی "وانەی سیزێف ...لە سنوورەکانی ڕۆژاوا لە سنووری بادا"، لە سەرەتاوە دوو بابەتی گشتی (سیزێف) و پاژەکی (ڕۆژاوا) بە یەکەوە گرێ ئەدات. هەر بەم پێیە ئەگەر بێتوو ئستراتێژیەک بۆ ئەم شیعرە پێناسە بکەین، بریتییە لە: دەربڕین و خۆیا کردنی شوناسێکی تایبەت یان با بڵێین دەرخستنی "بوون"ێکی تایبەتە لە ئقلیمی "بوون" بە واتا گشتی و فەلسەفییەکەی. بەل بوونەوەی ڕەنجێکی دانستە لە بەستێنی ئەو ڕنجە گشتییە کە بە "بوون"ی مرۆڤ گرێدراوە. حەیشان و زەق کردنەوەی شوناس و بوونێک بە گێڕانەوەی ڕەنج-خەساری "سیزێف"ی کورد.

www.kurdishbookhouse.com

بە پێی ئەوەی کە "بوون" بە زەمەنەوە بەنە و لە زەمەندا دەگووڕێت، بوونی ئەو ڕەنجەی کە 'وانەی سیزێف ..."، حەقیقەتی پێ دەبەخشێ، ڕنجێکی کوردەوارییە کە لە جوغرافیای دۆزەخدا خۆیا دەبێت و دەرئەکەوێت. ئەو ئاماژە مێژوویی یان نیشانە خوازەییانە کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی شیعرەکە وەک بڵێی بە تاڵێکی نادیارەوە، بە یەک هۆنراون، ڕاهێڵێک ئەتەنێتەوە بۆ بوونەوەری و نواندنەوەی ڕەنجەڕۆیی سیزێفی کورد.

### ٢- ناونیشانی زستانم! والەکانتان پاک کەنەوە لە دەریا

...

■ بینە ئەندامی «ماڵی کتێبی کوردی» :

■ **Telegram: https://t.me/kurdishbookhouse**

www.kurdishbookhouse.com